# له هەوەسەوە بۆ خۆشەویستی ..بۆ خۆشویستن

2

**- لەوە دەچێت کە ژنەکان و مێردەکان بۆ ئەوە بەیەکەوە بژین تاوەکو ژیانی یەکدی تاڵ و پڕ لە خەم بکەن، بیکەن بە کاولەئاش. هۆکارەکەشی ئەوەیە، تا ئەو ئاستەی کە هەستی پێدەکرێت ئەوان لە مانای خۆشەویستی تێناگەن**
**- ئەوەیان یاسایەکی بنەڕەتیی بوونە کە پێکەوەبوونی دوور و درێژ، کە تیایدا هیچ مەودا و بەینێک لە نێوان ئەو دوو کەسەدا نەبێت، هیچ بوارێک بۆ سەربەستی لە ئارادا نەبێت، گوڵی خۆشەویستی هەڵدەپروکێنێت**
**- تاوەکو جیهان ئاواهی جەنجاڵ و سیخناخ بێت لە مەردم، خەڵکی پتر و پتر شێت و شێواو دەبن، خۆیان دەکوژن و یەکدی دەکوژن.. زنجیرەی تاوانەکان ناپڕێنەوە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی جێگە و ڕێگەی پێویست بەو حەشامات و ئاپۆرایە**
**- ئەگەر ئەوەیان شیاو بێت ـ کە هەر یەکێک لە ئێمە بۆی بسازێت کە هەم بتوانین پێکەوە بین و هەم مەوداو نێوانێک لە مابەینی هەر دوو لاماندا هەبێت ـ ئەوسا شنەباکانی ئاسمان لە نێوان هەردووکماندا سەما دەکەن.**

**یەکدیتان خۆشبوێت، بەڵام بەڵگەنامەی خۆشەویستی بە یەکدی پڕ مەکەنەوە**

بە گشتی خەڵکی بایی ئەوەندە هۆشیار نین کە بزانن خۆشەویستی چییە. خۆشەویستی هەرگیز گومان ناکات، خۆشەویستی هەرگیز حەزی بە ئیرەیی و دڵپیسی نییە. خۆشەویستی ئامادەش نییە خۆی لە سەربەستی خەڵکانی دیکە هەڵبقورتێنێت، خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا ناسەپێنێت، پرِوای بەوە هەیە ئازادی ببەخشێت، خۆشەویستی تەنها ئەو کاتە دەبێت بە ئەگەرێکی کراوە کە مەودا و بەینێک لەو بەیەکەوەبوونەدا هەبێت. هەر ئەوەشە جوانیی 'جوبران خەلیل جوبران'... بە واتا تێگەیشتن و قووڵبوونەوەیەکی زۆر دووربین. مەرجە خۆشەویستی ئاسوودە بێت کە دەبینێت خانمەکەی لە تەک کەسێکی دیکەدا کەیفخۆشە. چونکە خۆشەویستی حەز دەکات خانمەکە ئاسوودە بێت. خۆشەویستی حەز دەکات کە مێردەش دڵگەش بێت. ئەگەر مێردەکە لەتەک خانمێکدا قسان بکات و هەست بە خۆشی بکات، مەرجە ژنەکەشی کەیفخۆش بێت، هیچ پێویست بە شەڕ و گێچەڵ ناکات. ئەوان بە یەکەوە دەژین تاوەکو ژیانیان خۆشتر بێت، بەڵام ڕێک پێچەوانەی ئەوەیان ڕوو دەدات. لەوە دەچێت کە ژنەکان و مێردەکان بۆ ئەوە بەیەکەوە بژین تاوەکو ژیانی یەکدی تاڵ و پڕ لە خەم بکەن، بیکەن بە کاولەئاش. هۆکارەکەشی ئەوەیە، تا ئەو ئاستەی کە هەستی پێدەکرێت ئەوان لە مانای خۆشەویستی تێناگەن.
بەڵام بوار بدە کە بۆشایی و مەودایەک لە ناو ئەو پێکەوەبوونەی ئێوەدا هەبێت...ئەوەیان هیچ ناکۆکی و دژوارییەکی تێدا نییە. چەندە مەودای پتر بە یەکدی ببەخشن، ئەوەندە زیاتر لە یەکدی نزیکتر دەبنەوە. چەندە پتر سەربەستی بە یەکدی ببەخشن، تا بێت بە یەکدی ئاشناتر دەبن.. هۆگرتر و خۆشەویستتر، قووڵتر یەکدی دەناسن و وەک دوو دوژمنی باوک کوشتە لە یەکتری ناڕوانن، بەڵکو دەبن بە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی.
لێبگەڕێ شنەباکانی ئاسمانەکان لە نێوان ئێوەدا سەمای خۆی بکات.
ئەوەیان یاسایەکی بنەڕەتیی بوونە کە پێکەوەبوونی دوور و درێژ، کە تیایدا هیچ مەودا و بەینێک لە نێوان ئەو دوو کەسەدا نەبێت، هیچ بوارێک بۆ سەربەستی لە ئارادا نەبێت، گوڵی خۆشەویستی هەڵدەپروکێنێت، بەم جۆرە تۆ گوڵەکە دەپروکێنیت، تۆ هیچ بوارێکت نەدا تا بگەشێتەوە. زاناکان تێبینیی ئەوەیان کردووە کە گیاندارەکان شوێنی دیاریکراوی خۆیان هەیە. لەوانەیە تۆ سەگەکانت دیبێت کە میز بەم ستوون و بەو ستووندا دەکەن، یان میز بە کۆڵەکە و پایە و درەختەکاندا دەکەن ـــ تۆ وا دەزانیت هەر وا بە خۆڕایی وا دەکەن؟ وا نییە، لە ڕاستیدا ئەو سەگانە سنوورەکان بە چوار دەوری خۆیاندا رادەکێشن ـــ 'ئێرە ناوچە و هەرێمی ئێمەیە.' بۆنی میزی سەگەکان ڕێگە لەوە دەگرێت کە سەگێکی دیکە توخنی ئەو ناوچەیە بکەوێت. خۆ ئەگەر هەر بە ڕێکەوت سەگێکی دیکە لەو سنوورە نزیک بکەوێتەوە، سەگەکان هیچ گوێی پێ نادەن. بەڵام کە یەک هەنگاو لە سنووری دیاریکراودا پەڕییەوە، هەڵبەتە ئاکامەکەی بە شەڕە سەگ کۆتایی دێت.
هەموو ئاژەڵ و گیاندارە کێوییەکانی ناو سروشت هەمان ڕەفتار دەنوێنن. هەتا شێریش ..گەر تۆ لە سنوورەکەی ئەم نەپەڕیتەوە، هەرگیز پەلامارت نادات ـ چونکە بە جوامێرت دەزانێت. وەلێ گەر لەو سنوورە پەڕیتەوە کە شێرەکە بە ناوچەی خۆی دەزانێت، ئەوسا تۆ هەر کەسێک بیت، چاوەڕێ بکە کە بتکوژێت.
کەواتە بۆ ئێمەش گرنگە کە ناوچە و هەرێمەکانی مرۆڤەکان بناسینەوە. خۆ مەرجیشە بیانناسیتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستییانە دانەمەزراون. ئەو کاتەی لە ناو شاری 'بۆمبای' سواری میترۆ دەبیت یان شەمەندەفەری نێوان شارەکان، هەر هەمووان بە پێوە وەستاون و کورسییەکت دەست ناکەوێت...زۆر قەرەباڵغە. هەتا ئەوانەشی کە وەستاون زۆر لە یەکدییەوە نزیکن و بە دەم قەرەپەستانێوە ئانیشکیان لە یەکدییەوە دەسوێن، کەسیان ئاسوودە نین بەر یەکدی بکەون.
تاوەکو جیهان ئاواهی جەنجاڵ و سیخناخ بێت لە مەردم، خەڵکی پتر و پتر شێت و شێواو دەبن، خۆیان دەکوژن و یەکدی دەکوژن.. زنجیرەی تاوانەکان ناپڕێنەوە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی جێگە و ڕێگەی پێویست بەو حەشامات و ئاپۆرایە. وا جوانتر و پێویستە کە عاشقان و دڵدارەکان بایی

ئەوەندە هەستیار بن کە بزانن چی دەگوزەرێت، مەرجە ئێوەش وەک ژن و مێرد بزانن کە هەر یەکێک لە ئێوە سپەیس و جێگە و ڕێگەی تایبەت بە خۆی هەبێت.
یەکێک لەو کتێبە هەرە خۆشەویستانەی کە حەز بە خوێندنەوەی دەکەم کە لەژێر ناوی 'ئاکهاری کاڤیتا' و لە لایەن 'ڕابندرانت تاغوور' نووسراوە، کە بە کوردی دەکا ' دوا شیعر'، لە ڕاستیدا دیوانی شیعر نییە، بەڵکوو ڕۆمانە، بەڵام ڕۆمانێکی نازدار و قووڵ و پڕ مانایە.
خانمێکی گەنج و پیاوێک دەکەونە ناو داوی خۆشەویستییەوە وەک لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایەدا ڕوو دەدات، هەر زوو بە زوو ئارەزووی ئەوە دەکەن کە زەماوەند ساز بکەن. ئافرەتەکە مەرجێکی هەیە و پێی دەڵێت: 'بەڵام بە یەک مەرج شووت پێ دەکەم...' خانمەکە زێدە دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر و کارامە و دونیادیتە دەبێت.
کابراش وەڵامەکەی ئەرێنی دەبێت و دەژنەوێت، 'هەموو مەرجەکانت سەر چاوانم، بەڵام من بێ تۆ ناژیم.'
خانمەکە زار هەڵدێنێتەوە، 'سەرەتا گوێ لە مەرجەکەم بگرە و ئەوسا باش بیری لێ بکەرەوە. چونکە ئەوەیان مەرجێکی ئاسایی نییە. مەرجەکەی من ئەوەیە کە من و تۆ لە هەمان ماڵدا ناژین. من خانوو و بەرەیەکی گەورەم هەیە، گۆمێکی جوان کە بە درەختێکی زۆر و باخچە و چیمەن دەورە دراوە. من خانوویەکی دیکەت بۆ دروست دەکەم، ڕێک بەرامبەر ئەو شوێنەی کە خۆم لێی دەژیم.'
کابرا وتی: 'دەی.. کەواتە ئەو زەماوەندە چ خۆشییەکی تێدا دەمێنێت؟'
ژنەش وەڵامی دایەوە: 'ژن و مێردایەتی مانای تێکدانی ژیانی یەکتری نییە. من نیازمە کە جێگە و ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆت هەبێت. چونکە منیش ماڵێکی تایبەت بە خۆم هەیە. وا ڕێک دەکەوێت کە جارێکیان من و تۆ بە دەم پیاسەی ناو باخچەکەوە یەکدی ببینین. دیسانەوە دەشێت لە ناکاو لە ناو دەریاچەکەدا کە سواری بەلەم بووین چاومان بە چاوی یەکدی بکەوێت. یان جاری وا هەیە من بتوانم تۆ بۆ کوپێک چا بانگ بکەم، یان لەوانەیە تۆ من بکەیت بە میوانی خۆت.'
پیاوەکە گوتی: 'هەر هەموو بیرۆکەکە بۆ من هیچ و بێمانایە.'
ژنەش تێهەڵچووە: 'کەواتە بە تەواوی بەزمی زەماوەندەکە لە یاد بکە. ئەوەی من درکاندم بۆ خۆی باشترین بیرۆکەیە ـــ تەنها بەم شێوەیە خۆشەویستیی من و تۆ گەشە دەکات، چونکە بۆ هەمیشە بە تەڕ و تازەیی دەمێنینەوە. تەنها بەم شێوەیە پێشمەرجمان نابێت و بۆ هەتا هەتایە خۆمان نەکردووە بە خاوەنی یەکدی. ئەوسا من بۆم هەیە میواندارییەکەی تۆم پەسند نەبێت وەک تۆ چۆن بۆت هەیە بۆ میواندارییەکەی من دەست بە ڕوومەوە بنێیت، بەم چەشنە سەربەستیی هیچمان ناشێوێت. لە نێوان ئەو دوو سەربەستییەدا ڕۆحی جوانیی خۆشەویستی گەورەتر دەبێت و گەشە دەکات.'
هەڵبەتە پیاوەکە لەو ڕاز و نیازە تێناگات، بۆیە وازی لەو زەماوەندە هێنا. بەڵام 'ڕابندرانت تاغوور'ی شاعیر هەمان ڕوانینی قووڵی 'جوبران خەلیل جوبران'ی هەبوو...تا ڕادەیەک هەردووکیان زادەی هەمان سەردەم بوون و هاوکات دەیاننووسی.
ئەگەر ئەوەیان شیاو بێت ـ کە هەر یەکێک لە ئێمە بۆی بسازێت کە هەم بتوانین پێکەوە بین و هەم مەوداو نێوانێک لە مابەینی هەر دوو لاماندا هەبێت ـ ئەوسا شنەباکانی ئاسمان لە نێوان هەردووکماندا سەما دەکەن.
یەکدیتان خۆشبوێت، بەڵام بەڵگەنامەی خۆشەویستی بە یەکدی پڕ مەکەنەوە.
وا پێویست دەکات کە خۆشەویستی بۆ خۆی خەڵاتێکی ئازاد بێت، شیاوی بەخشین و وەرگرتن بێت، بەڵام ناکرێت هیچ داوا و پێشمەرجێکی تێدا بێت. دەنا وەکی دیکە.. هەر زوو بە زوو وای لێ دێت کە پێکەوە بن، کەچی وەک ئەستێرەکانیش لە یەکدی دوور بن. هیچ پردێکی تێگەیشتن لە نێوان ئێوەدا نەبێت، هەتا بۆشایی و مەودایەکتان لەسەر ئەو پردەش بەجێنەهێشتبێت.
لێبگەڕێ زەریایەک لە نێوان کەنارەکانی ڕۆحی هەردووکتان بە خوڕ بڕوات و گەشتی خۆی بکات. مەیکە بە بابەت و شتێکی نەگۆڕ و جێگیر. مەیکە بە ڕۆتین. بوار بدە خۆشەویستی ڕووبارێکی بە خوڕی نێوان کەنارەکانی ڕۆحی هەردووکتان بێت.
ئەگەر سەربەستی و خۆشەویستی پێکەوە لای ئێوە بێت، ئەوسا لەوە زیاتر پێویستتان بە هیچ شتێکی دیکە نییە. کەواتە تۆ چەپکە گوڵی خۆت وەدەست هێناوە ـــ هەر لەبەر ئەوەشە کە ژیان وەک خەڵاتێک پێشکەش بە تۆ کراوە.

**سەرچاوە:**

OSHO
aloneness ،freedom ،Love
THE KOAN OF RELATIONSHIPS
St. Martin's Griffin
New York
Copyright: 2001
www.osho.com